# گۆڕینی دیمەنی وزەی هەرێمی کوردستان لە ئەمساڵدا؛ گەیشتنە بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی سەروو یەک ملیار پێی سێجا لە گازی سرووشتی

13-08-2025

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا کۆمپانیای دانەگاز و هاوبەشەکانی یەکەم تاقیکردنەوەی سەرەتایی پێش بەرهەمهێنانی گاز لە پرۆژەی فراوانکردنی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی کۆرمۆر کە بە KM250 ناسراوە بکەن و دواتر بچنە قۆناخی بەرهەمهێنانی زیادکردنی ڕۆژانەی بڕی 250 ملیۆن پێی سێجا گاز بۆ سەر 540 ملیۆن پێی سێجا گازی کۆمپانیاکە لە کێڵگەی کۆرمۆر، بەمەش ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان دەگاتە سەروو 1 ملیار پێی سێجا لەڕۆژێکدا.

## بەرایی

بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا کۆمپانیای دانەگاز و هاوبەشەکانی یەکەم تاقیکردنەوەی سەرەتایی پێش بەرهەمهێنانی گاز لە پرۆژەی فراوانکردنی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی کۆرمۆر کە بە KM250 ناسراوە بکەن و دواتر بچنە قۆناخی بەرهەمهێنانی زیادکردنی ڕۆژانەی بڕی 250 ملیۆن پێی سێجا گاز بۆ سەر 540 ملیۆن پێی سێجا گازی کۆمپانیاکە لە کێڵگەی کۆرمۆر، بەمەش ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان دەگاتە سەروو 1 ملیار پێی سێجا لەڕۆژێکدا.

بەپێی دوایین راگەیاندراوی کۆمپانیا دانەگاز، کارەکانی پرۆژەی KM250 زووتر لەوماوەیەی راگەیاندراوە تەواو دەبێت و کارەکانی سەرەتایی بۆ کێڵگەی چەمچەماڵ بەئامانجی بەرهەمهێنانی 75 ملیۆن پێی سێجا لەڕۆژێکدا بەرەوپێش چووە، واتە بەس لەم دوو کێڵگە گازییەدا، لەسەرەتای ساڵی داهاتووەوە هەرێمی کوردستان دەگاتە بەرهەمهێنانی 865 ملیۆن پێی سێجا گازی سرووشتی لەڕۆژێکدا، بەمەش کێڵگەی کۆرمۆر دەبێتە یەکێک لە گەورەترین پرۆژە گازییەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا بە بەراورد بە پرۆژەی گازی خەززان لە عومان، زۆهر لە میسر، لیڤیاسان لە دەریای مێدیترین.

هەروەها، ناوەڕاستەکانی مانگی ئایاری ئەم ساڵ لە واشنتن وەزیری سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان بەوەکالەت واژۆی لەسەر دوو گرێبەستی گەورەی لە کەرتی گازی و نەوتی دا کرد و ئاماژەی بەوەکرد کە کۆمپانیا کار لە کێڵگەی نەوتی خورمەڵە بڕی 120-130 ملیۆن پێی سێجا گاز بەرهەمدەهێنێت، ئەگەر کێڵگەکانی میران و تۆپخانەش بگەنە ئاستی بەرهەمهێنان ئەوا هەرێمی کوردستان لەڕووی بەرهەمهێنانی گازەوە عێراق تێدەپەڕێنێت.

ئێستا، پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە گەیشتن بە بەرهەمهێنانی سەرووی 1 ملیار پێی سێجا گاز لەو ماوە کەمەدا دەتوانێت هەرێمی کوردستان بخاتە نێو هاوکێشە نوێیەکانی وزەوە لەم ناوچەیە و عێراق لە هاوردەکردنی گازی ئێران و کارەبای تورکیا رزگار بکات یاخود نا؟

## هەرێمی کوردستان و گەیشتنە بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی سەروو 1 ملیار پێی سێجا گاز

کێڵگە گازییەکانی هەرێمی کوردستان بەبێ کێڵگەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان یان ماددەی 140 ژمارەیان پێنج دانەیە، کە کۆی یەدەگی گازەکەیان 26 تریلیۆن پێی سێجایە و یەک دانەیان بەرهەمهێنانی هەیە کە کۆرمۆرە،(قەمەر ئینرجی، 2021). هەروەها، پێنج کێڵگەی هاوبەشی نەوتی گازی لە هەرێمی کوردستان هەیە کە یەدەگی گازەکەیان دەگاتە سەروو 7 تریلیۆن پێی سێجا و ئێستا سێ لەو کێڵگانە ڕۆژانە گاز بەرهەمدەهێنن، (قەمەر ئینرجی، 2021).

بەمشێوەیەش کۆی یەدەگی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان چ کێڵگەی گازی یان هاوبەش لەگەڵ نەوت دا دەگاتە سەروو 33 تریلیۆن پێی سێجا، کە ئاستی وەبەرهێنان تێیدا رۆژ بە رۆژ بەرەو پێشەوە دەڕوات. و پێنج کێڵگەی نەوتی و گازیش لە هەرێمی کوردستان لەکۆتاییەکانی ئەمساڵدا ئاستی بەرهەمهێنانیان لەکۆی بەرهەمهێنانی گاز لە هەموو عێراق نزیک دەبێتەوە.

بەپێی راگەیاندراوەکەی دانەگاز و زانیارییە کۆکراوەکان ئێستا کارەکانی پەرەپێدانی پرۆژەی KM250 بەرەوتەواوبوون رۆشتووە و لەقۆناخی تاقیکردنەوەی کۆتایی دایە، بەمەش لەم مانگانەی داهاتوودا دانەگاز و هاوبەشەکانی ئاستی بەرهەمهێنانی گاز لە کۆرمۆر و چەمچەماڵ دەگەیەننە نزیکەی 865 ملیۆن پێی سێجا گاز لە رۆژێکدا. هەروەها، رۆژانەش کۆمپانیای کار لەنێوان 120-130 ملیۆن پێی سێجا گاز لە کێڵگەی خورمەڵە بەرهەمدەهێنێت. ویسترن زاگرۆس و گازپرۆم لە کێڵگەی سەرقەڵا رۆژانە نزیکەی 10 بۆ 15 ملیۆن پێی سێجا گاز بەرهەمدەهێنن و کۆمپانیای دی ئین ئۆش ئاستی رۆژانەی بەرهەمهێنانی گازی دەگاتە 20 ملیۆن پێی سێجا، بەڵام هەناردەی تاوکی دەکرێت بۆ بەکارهێنانی لە بەرهەمهێنانی نەوت دا. بەمشێوەیەش بێت، واتە کۆی گشتی بەرهەمهێنانی گاز لە هەرێمی کوردستان دەگاتە نزیکەی 1.025 ملیار پێی سێجا لەڕۆژێکدا، لەکاتێکدا بەپێی داتاکانی ئۆپێک و پەیمانگەی وزە رۆژانە عێراق نزیکەی 1.15 ملیار پێی سێجا گاز بەرهەمدەهێنیت.

گەیشتنی هەرێمی کوردستان بەو ئاستەی عێراق لەرووی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتییەوە بەهۆی پەرەپێدانی کێڵگەی گازی و کەمکردنەوەی سووتانی گازی هاوەڵە لە کێڵگە نەوتییەکانەوە، لەکاتێکدایە لە مانگی تەمموزی ئەمساڵ دا، بانکی جیهانی راپۆرتی ساڵانەی لەبارەی سووتانی گازی هاوەڵ لەکێڵگە نەوتییەکان و گازییەکانی جیهان بڵاوکردەوە کە بەپێی راپۆرتەکە بۆ سێیەم ساڵ لەسەر یەک کێڵگەی نەوتی ویست قۆرنە-2 لە بەسرە لەنێو زیاتر لە 15 هەزار کێڵگەدا یەکەمی جیهانە بەبڕی سووتانی 1.64 ملیار مەتر سێجا و لە 2024دا عێراق سێیەم وڵاتە بۆ سووتانی گازی هاوەڵ کە بڕەکەی دەگاتە 18.18 ملیار مەتر سێجا.

جیاوازییەکی دیکەش لەنێوان هەولێر و بەغدا بۆ گاز، لەڕووی کاتەوەیە. بەپێی داتاکانی پەیمانگەی وزە EI عێراق لە 1970وە گاز بەرهەمدەهێنێت کە بڕەکەی 0.07 ملیار پێی سێجا بووە، لەساڵی 2007یشدا ئاستی بەرهەمهێنانی 0.44 ملیار پێی سێجا بووە و ساڵی رابردووش ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی 1.15 ملیار پێی سێجا بووە، لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان پێش 2007 سفر بووە و لە 2008یشدا گەشتووەتە ڕۆژانەی 78 ملیۆن پیی سێجا و ساڵی رابردووش ڕۆژانە نزیکەی 0.7 ملیار پێی سێجا بووە و کۆتاییەکانی ئەمساڵ دەگاتە سەروو 1 ملیار پێی سێجا لە ڕۆژێکدا.

مانگی ئایار [ئەمساڵ لەواشنتن](#)، دوو گرێبەستی نوێ واژۆکرا لەگەڵ کۆمپانیای ئیچ کەی ئین و ویسترن زاگرۆس بۆ وەبەرهێنان لە کێڵگەکانی میران و تۆپخانە، کە ئەگەر کارەکانی ئەم دوو گرێبەستەش بەرەو پێشەوە بچن ئەوا لەساڵانی داهاتوودا هەرێمی کوردستان لەڕووی بەرهەمهێنانی گازەوە عێراق تێدەپەڕێنێت و دەتوانێت لەنێو وڵاتانی بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری گاز دەربکەوێت وەک دابینکەری نوێ لەجۆری ئەم وزەیەی کە بۆ قۆناخی دوای نەوت و سەردەمی گواستنەوەی وزەش جیهان پێویستی دەبێت.

گرافیک1: **ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی، کۆندینسەیت و گازی سروشتی شلکراوە لە کۆرمۆر لەسەرەتاوە تاوەکو دوای پرۆژەی 250KM**



# چیرۆکی کێڵگەی گازی کۆرمۆر بەراورد بە هەموو کێڵگەکان لە عێراق

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی زانیاری وزەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا eia لە مانگی رابردوودا کۆی یەدەگی عێراق نزیکەی 131 تریلیۆن پێی سێجایە، ئاستی بەرهەمهێنانی لەچاو یەدەگەکەدا دەتوانین بێژین سفرە یان رێژەی 0.00087%. لەکاتێکدا، هەرێمی کوردستان کۆی یەدەگەکەی 33 تریلیۆن پێی سێجایە، بەڵام ئاستی بەرهەمهێنانی لە کۆتاییەکانی ئەمساڵدا دەگاتە 1.025 ملیار پێی سێجا، واتە لەکاتێکدا یەدەگەکەی هەرێمی کوردستان یەک لەسەر چوار یان رێژەی 25.19% یەدەگی گازی عێراق پێکدەهێنێت، بەڵام ئاستی بەرهەمهێنانی گەیشتووەتە نزیکەی ئەوەی لە عێراق هەیە، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی بەتەنیا لە 2024 دا رێژەی 48%ی بودجەی وەبەرهێنانی عێراق بۆ وەزارەتی نەوت بووە کە بڕەکەی زیاتر لە 12 تریلیۆن دینار بووە.

ئەم پێشکەوتنەی وەبەرهێنانی گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی کۆرمۆر و کۆمپانیای کرێسنت پیترۆڵیۆم و هاوبەشەکانی کە لە 2008وە دەستیان پێکردووە و رۆژ بە رۆژ وەبەرهێنانی تێدا دەکەن.

راستە پەرەپێدانی کێڵگە گازییەکانی هەرێمی کوردستان مێژوویەکی کۆنیان نییە و ناگەڕێتەوە بۆ پێنج دەیە پێش ئێستا وەک عێراق، بگرە دوو دەیەشی تێنەپەڕاندووە، سەرەتاکەی لە 2008وە بە بەرهەمهێنانی رۆژانەی 78 ملیۆن پێی سێجا بۆ 810 ملیۆن پێی سێجا لە گازی سرووشتی، 127 ملیۆن پێی سێجا لە گازی کۆندینسەیت و 105 ملیۆن پێی سێجا گازی شلکراوە LPG لەکۆتایی ئەمساڵدا رووبدات وەکو لە خوارەوەدا هاتووە.

## کۆتایی

بەپێی زانیارییەکان ئەو تاقیکردنەوەیەی دانەگاز هاوبەشەکانی پلانیان بۆ داناوە بیکەن بە (Pressure Testing Pipe with Nitrogen) دەناسرێت و قۆناخی کۆتاییە و دوای ئەوە ئامادەکاری دەکرێت بۆ بەرهەمهێنان، هەربۆیەش دانەگاز لە راپۆرتی دارایی چارەکی یەکەمی 2025دا ئاماژەی بەوەکرد بە بەرهەمهێنانی گاز لە کۆرمۆر KM250 و رێژەی بەرهەمهێنانی گاز لەو کێڵگەیەدا 50% بۆ هەر سێ جۆرەکەی بەرهەمهێنانی گاز بەرز بکاتەوە.

ساڵی 2021 لە راپۆرتەکەی قەمەر ئینرجی بۆ وەزارەتی وزەی ئەمریکا لەبارەی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستانەوە ئاماژەی بەوەدراوە دوای پڕکردنەوەی پێداویستی نێوخۆ یەکەم بژاردەی بەردەم هەناردەکردنی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان بۆ عێراقە ئینجا تورکیا و وڵاتانی دیکە.

هەروەها، لە ساڵی 2019وە رێککەوتنی فرۆشتنی گازی KM250 لەنێوان دانەگاز و حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆکراوە و  ساڵی رابردووش دانەگاز و هاوبەشەکانی گفتوگۆیان بۆ فرۆشتنی گاز بە عێراق کرد، بەڵام دوای نیگەرانییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێرشە درۆنییەکان ئەم پرسە دواخرا، ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە زیادکردنی 250 ملیۆن پێی سێجا گاز ئەم پرسە چۆن زیندوو دەبێتەوە، ئایا دانەگاز و هاوبەشەکانی راستەوخۆ لەگەڵ بەغدا کار دەکەن وەک پێشوو یان هەرێمی کوردستان - کۆمپانیاکان - بەغدا پێکەوە سێقۆڵی گفتوگۆی لەسەر دەکەن؟

بەپێی داتاکانی پەیمانگەی وزە EI بۆ ساڵی 2024 جیاوازی نێوان بەرهەمهێنان و خواست بۆ گازی سرووشتی لە عێراق 750 ملیۆن پێی سێجایە لە رۆژێکدا، ئەمەش سەرەڕای هەموو گرێبەستە واژۆکراوەکان و پرۆژەکانی وەزارەتی نەوت لەماوەی ئەم کابینەیەدا.

عێراق دەتوانێت بە دوو رێگە سوود لەم پێشکەوتنە و پەرەپێدانەی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، چ گازەکە بکڕێت و بگوازرێتەوە بۆ ویستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا وەک ئەوەی لەماوەی رابردوودا هەوڵ هەبوو بۆ کڕینی بۆ ویستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا وەک کەرکوک یان کارەبا لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی لە هەرێمی کوردستان بکڕێت، چونکە زیادبوونی گازی سرووشتی لە داهاتوودا وادەکات هەرێمی کوردستان  بتوانێت کارەبای زیاتر بەرهەمبهێنێت بەهۆی ژێرخانەوە کە تاوەکو 8 هەزار مێگاوات بەرهەمبهێنێت و ئاستی فرۆشتنی بە عێراق بۆ دوو هێندە و سێ هێندە بەرزبکاتەوە.

راستییەکی دیکەش لەسەر کەرتی وەبەرهێنان لە گازی سرووشتی ئەوەیە کە زۆر ئاڵۆزە و درێژخایەن و سەرمایەکی زۆریشی پێویستە، کە هەرێمی کوردستان بتوانێت لەماوەی کەمتر لە دوو دەیەدا بگاتە نزیکەی ئەو بڕەی لەماوەی پێنج دەیەدا لە عێراق بەرهەم هاتبێت و ببێتە یەکێک لە پرۆژە پێشەنگەکانی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی لەم ناوچەیە و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوا ئەوا بەدڵنیاییەوە عێراقی فیدراڵ لە چاودێریکاری وڵاتانی هەناردەکاری گازەوە دەگۆڕێت بۆ دابینکەری گازی سرووشتی لە ساڵانی داهاتوودا، بەڵام نابێت ئەوەش

نادیدە بکرێت کە ئەم فراوانبوونە سێ ساڵ بەهۆی ڕەوشی ئەمنییەوە دواکەوت هەربۆیەش ئەم گۆڕانکارییە پێویستی بە دابینکردنی ئاسایش و ئەمنیەت لەئێستا و داهاتوودا هەیە.

لەکۆتاییدا، بەردەوامی پەرەپێدانی ئەم کەرتە لە هەرێمی کوردستان دەتوانێت پێگەی خۆی وەک سەرچاوەیەکی نوێی وزە لەسەردەمی گواستنەوەی وزەدا دابینبکات و ببێتەهۆکاری دوورخستنەوەی یان کەمکردنەوەی پشتبەستنی بەغدا بە گازی تاران و کارەبای ئەنقەرە.

## سەرچاوەکان


Al-Aboudi, M.A.M. (2025). 'Taking advantage of window of opportunity: KRG-Baghdad gas standoff'. *The Washington Institute for Near East Policy*. Available at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/taking-advantage-window-opportunity-krg-baghdad-gas-standoff (Accessed: 4 August 2025).

Columbia Center on Sustainable Investment and Capterio. (2025). *Flaring Case Study: Kurdistan Sarqala*. Columbia University. Available at: https://ccsi.columbia.edu/sites/ccsi.columbia.edu/files/content/docs/publications/CCSI-Capterio-Flaring-Case-Study-Kurdistan-Sarqala-June-2025.pdf (Accessed: 6 August 2025).

Dana Gas. (2025). *Dana Gas Corporate Presentation March 2025*. Available at: https://www.danagas.com/wp-content/uploads/2025/03/20250301-Dana-Gas-Corporate-Presentation-March-2025.pdf (Accessed: 7 August 2025).

Energy Institute (2025) *Statistical Review of World Energy: 74th edition*. In collaboration with Kearney and KPMG. London: Energy Institute. Available at: https://www.energyinst.org/statistical-review (Accessed: 10 August 2025).

International Energy Agency. (2025). 'Iraq: Natural Gas'. Available at: https://www.iea.org/countries/iraq/natural-gas (Accessed: 5 August 2025).

Qamar Energy. (2021). *The Natural Gas Sector in the Iraq Kurdistan Region*. Available at: https://www.qamarenergy.com/sites/default/files/Qamar%20Energy%20-%20The%20Natural%20Gas%20Sector%20in%20the%20Iraq%20Kurdistan%20Region%20-%20September%202021.pdf (Accessed: 4 August 2025).

U.S. Energy Information Administration. (2025). *Iraq 2025*. Washington, DC: U.S. Energy Information Administration. Available at: https://www.eia.gov/international/content/analysis/countries_long/Iraq/Iraq_2025.pdf (Accessed: 29 July 2025).